Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf2019-06

# ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندی هاوسەرگیری

ئاسۆ ڕەزا ئەحمەد

کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکان // زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هۆکارێکی گرنگی بەهێزکردنی ژیانی هاوسەری، کە بریتیە لە ڕاگرتنی هەستی یەکتر.

توێژینەوەکە لە ڕوانگەی ژیانی هاوسەرگیری پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرموودە پیرۆزییەکانیەتی کە لەو بارەوە هاتوون.

ڕاگرتنی هەست بە مافێکی هاوبەشی هەردوولا لەسەر یەکتر دادەنرێت کە پێویستە لە سەر هەردوولا ڕەچاوی بکەن.

ئەو مافە خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کە: هاوسەر شارەزا بێت لە پێویستییە دەروونییەکانی بەرامبەر تا دڵخۆشی بکات، یا لایەنی کەم دوور بکەوێتەوە لە ئازاردانی دەروونی.

ژیانی هاوسەرگیری پێغەمبەری خواش ﷺ دەوڵەمەندە بەو نموونانە کە لەگەڵ سەرجەم هاوسەرە بەڕێزەکانی ڕەچاوی کردوون و کەمتەرخەم نەبوە لە گەڵیان.

لە گەڵ ئەوەشدا بۆ هاوەڵانی بەڕێزی ڕوونکردوەتەوە بە وتە یا بە کردار کە ئەوانیش دەبێت لە گەڵ یەکتردا بەو شێوەیە بن، وە بە جۆرێک لە خواپەرستی دایناوە.

لەم توێژینەوەیەدا نزیکەی ٤٤ فەرموودە وەک نموونە هێنراوەتەوە.

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2021

***Keywords***

ڕاگرتن- هەست- بەهێزبوون- هاوسەرگیری- پەیوەندی هاوسەرگیری.

***Corresponding Author***

aso.ahmed@univsul.edu.iq

## پێشەکی

به ناوی خودای گەورە و میهرەبان، درووود و ڕەحمەت بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر و یاران و شوێنکەوتوانی.

خێزان بناغەی کۆمەڵە و باشبوونی پەیوەندیەکان و تۆکمەبوونی ئەو دامەزراوەیە، کاریگەری بەرچاوی بۆ سەرکایەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە.

<u>گرنگی بابەتەکە:</u> هۆکارەکانی بەهێزکرنی دامەزراوەی خێزان زۆرن، لەوانە: دامەزراوی لە سەر پایەو بنەماکانی ئیسلام، لێکتێگەشتن، سنوور نەبەزاندنی هیج کەسێك لە ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە...... لەم توێژینەوەیەدا باسی هۆکارێکی بەهێزکردنی خێزان دەکەم ئەویش: ڕاگرتنی هەستی بەرامبەرە.

گرنگی بابەتەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە: یەکێکە لە دیارترین هۆکاری بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان هاوسەران لە گەڵ هۆکارەکانی تردا.

لە بەر ئەوەی کە هاوسەران زیاتر بایەخ بە بابەتە ماددیەکان دەدەن، ئەم بابەتە لای زۆر کەس شاراوەیە، هەر بۆیە جێگەی بایەخی زۆرێك لە هاوسەران نیە

## توێژینەوەکانی پێشوو:

وەك توێژینەوەی سەربەخۆ لەو بابەتە کە پەیوەست بێت بەو بابەتە، ناونیشانی توێژینەوەیەکم لەسەر ماڵپەڕەکان بەرچاو کەوت بە ناوی: الاحاديث الواردة في مراعاة مشاعر الزوجة، لە نوسینی: شروق بنت موسى الخميس، هەر چەندە ناوەرۆکەکەیم نەبینیوە، بەڵام وادیارە تەنها باسی ڕاگرتنی هەستی ئافرەتی کردوە لە لایەن پیاوەوە نەک بە پێچەوانەوە.

توێژینەوەو نوسراوو کتێبی تریش هەیە کە باس لە ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر دەکات لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی لە ڕوانگەی فەرموودەکانەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم خاڵانەم تیا ڕەچاو کردوە:

١. کۆکردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکە، وە دوورکەوتنەوە لە فەرمودەی لاواز.

٢. وەرگرتنی ڕای زانایانی فەرموودەناس دەربارەی فەرموودەکە و شیکاریەکانیان.

٣. دەقی فەرمودەکانم بە کوردی نوسیوە و لە پەراوێزدا گێڕاومنەتەوە بۆ سەرچاوەکانیان.

٤. زۆرترین فەرموودەم لە نۆ کتێبە ناسراوەکەی فەرموودە هێناوە.

## پلانی توێژینەوەکە:

پێك دێت لە پێشەکیەك و دوو بەش.

بەشی یەکەم: ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر وەك مافێکی هاوبەشی نێوان هاوسەران.

بەشی دوەم: شێوازەکانی ڕاگرتنی هەست لە ژیانی هاوسەرێتی پێغەمبەری خودا ﷺ.

ڕاسپاردەکان.

پێڕستی سەرچاوەکان.

## بەشی یەکەم: ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر وەک مافێکی هاوبەش

زانایانی بواری فیقه مافەکانی نیوان هاوسەران دەکەن بە ٣ بەشەوە:

یەکەم: مافی پیاو بەسەر ئافرەتەوە، وەك: گوێڕایەڵیکردن و مافی ئامۆژگاریکردن و ڕاستکردنەوە و پارێزگاریکردنی ئافرەت لە خۆی و ماڵی لە کاتی ئامادەنەبوونی پیاودا.

دووەم: مافی ئافرەت بەسەر پیاوەوە، وەك: مافی بژێویکردن و مارەیی و سەرجێی و ...

سێیەم: مافی هاوبەش، خاڵی سەرەکی بریتییە لە: هەڵسوکەتی باش لە گەڵ یەکتر، پەروەردگارمان دەفەرموێت: ﴿ صح صخ صم﴾(١)(٢)

وشەی معاشرة لە سەر وەزنی موفاعەلەیە کە بۆ کردارێکی هاوبەشی نێوان دوو کەس و زیاتر بەکار دێت.

وە وشەی معروف واتا: بە شێوەیەك هەڵسوکەوت بکات کە لە ڕووی شەرع و عورف و سروشتی کەسەکەوە ڕێپێدراوو گونجاو بێت.(٣)

خاوەنی تەفسیری التحریر والتنویر پێی وایە کە (عاشر) لە وشەی عەشیرەتەوە وەرگیراوە، واتە: ئەوەندە نزیکي کردەوە لە خۆی وەك هاوعەشرەت و خزمی خۆی تەماشای کرد.(٤)

قورتوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:(بریتیە لەوەی کە مافی خۆی بداتێ لە مارەیی و بژێوی، وە ڕووی لێ گرژ نەکات بە بێ هۆ، کراوە بێت لە گەڵیدا، قسە ڕەق نەبێت، وە مەیلیشی نەبێت بەلای ئافرەتانی تردا).(٥)

کەواتە: ئەم ئایەتە ڕێنماییە بۆ هاوسەران کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر بە وتەو کردارو خوڕەوشت لە باشترین شێوازدا بێت، خۆی چۆن پێی خۆشە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەو شێوازە لە گەڵ بەرامبەرەکەیدا بێت.

دەقەکانی قورئان و فەرموودەو مافی هەڵسوکەتی باش لە گەڵ یەکتر:

١. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾.(٦)

پەروەردگار ئاگادارمان دەکاتەوە کە: ئافرەتانیش مافی هەڵسوکەوتی جوانیان هەیە بە سەر پیاوانەوە وەک لە سیاقی ئایەتەکەدا دەردەکەوێت.

٢. فەرموودەی " لە خوا بترسن لە هەڵسوکەوتان بەرامبەر ئافرەتان."(٧)

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خودا ﷺ هانی پیاوان دەدات تا لەگەڵ هاوسەرەکانیان باش بن و پارێزگاری لە مافەکانیان بکەن.

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: "باشترینتان ئەوەیە کە لە گەڵ هاوسەرەکەی باشترین کەس بێت."(٨)

ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت کە: هەڵسوکەوتی باش لە گەڵ هاوسەردا کارێکی داواکراوە لە دیندا، هەر کەسێك ئەو سیفەتەی تێدا بێت، لەو ڕووەوە باشترینە، یان: هەر کەس ئەو سیفەتەی تێدا بێت، لە کردارە چاکەکانی ترەوە نزیکە.(٩)

٣. فەرموودەی " باوەڕتەواترین ئیماندار ئەو کەسەیە کە خوڕەوشتی جوانترین بێت، وە چاکترینتان ئەو کەسەیە لە هەمووتان چاکتر بێت بۆ هاوسەرەکەی."(١٠) ئیمان و باوەڕ لە گەڵ ڕەوشتدا گرێدراون، و پاڵنەرن بۆ هەڵسوکەوتی باش لە گەڵ ئەوانی تردا، پیاو لە گەڵ هاوسەرەکەی، وە ئافرەت لە گەڵ مێردەکەی، هەر چەندە وتەکەی ڕووی لە پیاوانە، بەڵام ئافرەتانیش دەگرێتەوە، چونکە وەك باسکرا: ئەوە مافێکی هاوبەشی نێوان هەردوولایە.

ئافرەتێك دێتە لای پێغەمبەری خودا ﷺ، ئەویش لێی پرسی: مێردت هەیە؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: بزانە تۆ هەڵسوکەوتت لە گەڵیدا چۆنە؟ ئەوە: هۆکاری چونە بەهەشت یا دۆزەختە.(١١)

ئەم فەرموودەیەش تەئکیدکردنی مانای پێشوە کە جوان هەڵسوکەوتکردنی هاوسەران لە گەڵ یەکتر، تاکلایەنە نیە، بەڵکو ئەرك و مافی هەردوولایە.

ئەم دەقانەو چەندین دەقی تر دووپاتی ئەو مافە دەکەنەوە و ڕوونکەرەوەی پاداشتی ئەنجامدانی ئەو ئەرك و مافەشن.

ڕاگرتنی هەستی یەکتریش دەچێتە چوارچێوەی نواندنی هەڵسوکەوتی باش لە گەڵ یەکتردا کە مافێکی هاوبەشی هەردوولایە لەسەر یەکتر.

مەبەست چیە لە دەستەواژەی: ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر(مراعاة الشعور)؟

ئەم دەستەواژەیە نوێیە و لە سەرچاوەکانی پێشوودا نەهاتوە، نە لە قورئان نە لە فەرموودە، وە زانایانی پێشینیش بەکاریان نەهێناوە، بەڵکو زیاتر (المعاشرة بالمعروف) یان باسکردوە.

کەواتە: ئەم دەستەواژە نوێیە ئەوەندەی ئاگادار بم.

لە بەدواداچونم بۆ ئەم دەستەواژەیە لەو نوسینانەی بەر چاوم کەوتوون، دوو پێناسەم بەدیکرد:

یەکەم: دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە زیان بە بەرامبەرەکەت بگەیەنیت، بە وتە بێت یا کردار یا ئاماژە.

دوەم: خوێندنەوەی دەروونی بەرامبەرە تا بزانێت بە چی دڵخۆش دەبیت و لە گەڵیدا ئەنجامی بدەیت، وە بە چی دلتەنگ دەبێت تا لێی دووربکەویتەوە.(12)

هەردوو پێناسەکەم بە گونجاو زانی، چونکە هەردوو ماناکە تەواوکەری یەکترین.

بۆیە بە سوود وەرگرتن لە هەردوو پێناسەکە پێم وایە کە: بریتیە لە خوێندنەوەی دەروونی بەرامبەر، تا بزانیت حەزو ئارەزووی چیەو بە چی نیگەران دەبێت؟ تا لەسەر ئەو خوێندنەوەیە بە جوانترین شێوە ڕەفتاری لە گەڵدا بکەیت.

گرنگیدانی پێغەمبەری خودا ﷺ بە ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر لە پەیوەندیەکانی بە گشتی:

بە سەرنجدان لە فەرمودەکانی پەیوەست بەو بابەتە، بۆمان دەردەکەوێت کە:

پێغەمبەری خودا ﷺ خوێندنەوەی ووردی بۆ دەروونی خێزانەکانی هەبوە، واتە: زانیویەتی بە چی دڵخۆش دەبن، پێویستی و حەزیان چیە؟

ئەم خوێندنەوەیەش دیارە کە لە وەک پێغەمبەرێک و نێردراوێکی خودا پێی وتراوە، هەندێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤی پێغەمبەری خودا ﷺ کە لەو بوارەدا وەکو کەسێکی شارەزا ئاگاداری ئەو لایەنەی ئافرەتان بووە.(13)

دیارترین نمونەی شارەزابوونی لە دەروونی هاوسەرەکانی: خاتوو عائشە دەیگێڕێتەوە کە؛

"پێغەمبەری خودا ﷺ پێی وتم: من ئەزانم چ کاتێک لێم ڕازیت، وە چ کاتێکیش لێم توڕەیت، وتم: چۆنی دەزانیت؟ فەرمووی: ئەگەر ڕازی بیت لێم، ئەڵێیت: نا سوێند بە پەروەردگاری محمد، بەڵام ئەگەر لێم تووڕە بیت، دەڵێیت: نا سوێند بە پەروەردگاری ئیبراهیم. منیش وتم: بەڵێ بەخودا تەنها ناوت ناهێنم."(١٤) لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت کە: پێغەمبەری خودا ﷺ شارەزای دەروونی هاوسەرەکەی بوە.

گرنگیدان بە ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر لە پەیوەندیەکان:

١) پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: "زەردەخەنەت بە ڕووی براکەتدا صەدەقەیە".(15)

ئەم فەرموودەیە بە ئاشکرا باسی ڕاگرتنی هەستی کەسانی دەوروبەری تێدایە، چونکە: هاندانیان بۆ زەردەخەنە بەرامبەر بە کەسانی تر کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروونی بەرامبەر دروست دەکات. مرۆڤی موسڵمانیش پێویستە لەسەری هەوڵی دڵخۆشکردنی خەڵکی بدات.

٢) "پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا ﷺ تا پەیمانی کۆچکردنی بداتێ، بەڵام باوکی و دایکی بە گریانەوە جێهێشتبوو، پێغەمبەری خودایش ﷺ فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆ لایان، چۆن گریاندوتن، ئاوا بیانخەرە پێکەنین".(١٦)

ئەم فەرموودەیەش هاندانە بۆ ڕاگرتنی هەستی دایك و باوك، چۆن کوڕەکە بوەتە هۆکاری دڵتەنگیان، ئەبێت ببێتە هۆکارێك بۆ دڵخۆشکردنیان.

٣) عبد الرحمن بن أبي ليلى، دەڵێت: "هاوەڵان پێیان وتین کە: ئەوان لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەڕۆشتن، کەسێکیان خەوی لێکەوت، یەکێك چوو پەتی پیاوەکەی برد، کە هەستا لە خەو بەترسەوە، پێغەمبەری خودایش ﷺ فەرموی: بۆ موسڵمان ڕەوا نیە کە براکەی بترسێنێت".(١٧)

تێبینی دەکرێت کە: هەرچەندە کردارەکەی نەبوە مایەی زیانی مادی بە هاوەڵەکەی، بەڵام کاریگەری نەرێنی و خراپی کردە سەر دەروونی بە شێوەیەك کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمان دەربکات کە نابێت موسڵمان بترسێنرێت ئەگەر بە شێوازی گاڵتەکردنیش بێت.

٤. کاتێک پێغەمبەری خودا ﷺ موعازو ئەبی موسای بۆ وڵاتی یەمەن نارد، فەرمووی:" ئاسانکاری بکەن و قورسی مەکەن، مژدەدەر بن و دوورخەرەوە مەبن، تەبا بن و ناکۆك مەبن."(١٨)

ئامۆژگاریەکانی بۆ ئەو دوو هاوەڵە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و ڕەچاوکردنی: ئاسانکاری، مژدەدەری، تەبابوون، ئەمانە کاریگەری لە سەر دەروون جێدەهێڵێت. پێچەوانەکەشی کاریگەری نەرێنی جێدەهێڵێت.

٥. موجاهید دەڵێت: "کۆمەڵێك پیاو لە جەنگی ئوحود شەهید بوون، خێزانەکانیان کە دراوسێی یەکتر بوون، هاتنە لای پێغەمبەری خودا ﷺ و وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە شەوان هەست بە تەنیایی دەکەین، بۆیە لای یەکتری دەخەوین، لە بەیانیدا دەچینەوە ماڵی خۆمان، پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرمووی: بە ئارەزووی خۆتان لای یەکتر بن و قسە بۆ یەکتری بکەن، بەڵام کاتی نوستن هەر یەکێکتان بچنەوە ماڵی خۆی."(١٩)

ئەم فەرموودەیەش وەك ئەوانی تر لە پێناوی ڕاگرتنی هەستە ئەو ئافرەتانەیە تا هەست بە تەنیایی نەکەن، دەتوانن پێکەوە دانیشن و گفتوگۆی خۆیان بکەن..

## بەشی دووەم: شێوازەکانی ڕاگرتنی هەست لە ژیانی هاوسەرێتی پێغەمبەری خودا

هاوسەرگیرییەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ نمونەیەکی بەرزی ژیانی هاوسەرگیریە کە پێویستە هاوسەرەکان بیکەنە سەرمەشق، لە بەر چەند هۆکارێك:

١)پێغەمبەری خودا ﷺ بەرزترین نمونەی مرۆڤبوونە بە حوکمی وەحی بۆ هاتنی.

لە گەڵ ئەو خاڵەی سەرەوەشدا، بەڵام هەندێک جار تووشی کێشە بوەتەوە لە گەڵ هاوسەرەکانیدا.
کەواتە: ئەگەر کەسێك لەو ئاستەدا کێشەی بۆ دروست ببێت، ئەوا هەموو خێزانێك بەو هەوراز و نشێوانەدا تێدەپەڕێت، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە: بە شێوەو ڕێگایەکی دروست هەوڵی بەهێزکردنی هاوسەرگیری و چارەسەری کێشەکان بدرێت، ئەوەش لە ژیان و وتەکانی پێغەمبەری خوادا بەرجەستە دەبێت.

٢) خاڵێکی تری تایبەت بە مامەڵەی پێغەمبەری خودا ﷺ لە گەڵ هاوسەرەکانی:

ئەو هەڵسوکەوتانە بۆ ئێمە دینەو پاداشتی لە سەر وەردەگرین، ئەبێت شوێنکەوتەی ئەو هەنگاوانە بین، بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، واتە؛ چۆن دەبێت پیاو لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە سودمەند بێت، ئافرەتیش پێویستە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لە گەڵ هاوسەرەکەیدا بنوێنێت.

## باسی یەکەم: ڕاگرتنی هەستی هاوسەر لە ناو خێزانەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ

پێغەمبەری خودا ﷺ لە ژیانیدا چەند هاوسەرگیریەکی کردوە، بەو شێوەیەی کە باسی دەکەین:

یەکەم- خاتوو خەدیجە: یەکەم هاوسەری پێغەمبەری خودا ﷺ کە لە کاتی تەنگانەو نارەحەتیدا ببوە پەناگەیەک بۆی وەک لە سەرەتاکانی دابەزینی وەحیەوە دەردەکەوێت کاتێک پێغەمبەری خودا دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دەفەرموێت: دامپۆشن، دامپۆشن.(٢٠)

لە کاریگەری ئەو هەڵوێستانەیەتی کە ڕەچاوی هەستی پێغەمبەری خودای ﷺ کرد، پەروەردگار سەلامی بۆ نارد و بە کۆشکێک لە بەهەشتدا پاداشتی درایەوە وەک لە فەرموودەدا هاتوە.(٢١)

دوەم- خاتوو سەودەی کچی زەمعە: لە دوای وەفاتی خاتوو خەدیجە بوە هاوسەری پێغەمبەری خودا ﷺ.

لەو هەڵوێستانەی کە لە سەر ئەم هاوسەرگیرییە تۆمارکراوە و ئەچێتە چوارچێوەی ئەم بابەتەوە سێ نموونە باس دەکەم:

١. کاتێک لە سەفەری حەجدا داوای مۆڵەت دەکات لە پێغەمبەری خودا ﷺ تا پێش ئەوەی قەرەباڵغی دروست بێت ئەم کارەکانی خۆی جێبەجێبکات، پێغەمبەری خودا ﷺ ڕەچاوی بارودۆخی دەکات و مۆڵەتی دەدات.(٢٢)

٢. کاتێک شکاتی حاڵی خۆی دەکات بۆ نەبوونی شوێنێک بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، پێغەمبەری خوداش ﷺ گوێی بۆ دەگرێت. (٢٣) گوێگرتن لە سکاڵا، دڵدانەوەی کەسەکەیە.

٣. کاتێک سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەربارەی جێگیرکردنی نەسەبی منداڵێک کێشە دەکەوێتە نێوانیان، سەعد دەڵێت: منداڵی براکەمە، عەبدیش دەڵێت: برای منە، واتە: برای سەودەی خێزانی پێغەمبەری خوداشە ﷺ. بەڵام پێغەمبەری خودا ﷺ بۆی دەردەکەوێت کە لە خانەوادەی سەعدەوە نزیکترە، بڕیارەکە لە بەرژەوەندی ئەو دەردەکات، وە بە خاتوو سەودەش دەفەرموێت: ئەی سەودە ئەوە بێگانەیە بە تۆ، ئەویش دوای ئەوە لە بەر ڕاگرتنی هەستی پێغەمبەری هاوسەری جارێکی تر کوڕەکەی نەبینیەوە وەک خۆی دەفەرموێت.(٢٤) ئەم هەڵسوکەوتەی خاتوو سەودە بەڵگەی ئەوەیە کە: دەبێت ئافرەت کەسێک نەهێنێتە ماڵەوە کە هاوسەرەکەی پێی ناخۆش بێت، ئەویش بۆ ڕاگرتنی هەستی.

سێیەم- خاتوو عائشە کچی ئەبوبەکر: لە تەمەنێکی بچوکدا هاوسەرگیری کرد، بە هۆی بچوکی تەمەنیەوە پێغەمبەری خودا ﷺ زۆر دڵی دەدایەوە و دڵنەوایی دەکرد، لەو هەڵوێستانەش:

گەنج حەزی لە یارییە خۆی بیکات یا سەیری ئەوانی تر بکات، پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەردوو شێوەکەدا ڕەچاوی ئارەزوەکانی هاوسەرەکەی کرد:

خاتوو عائشە دەڵێت: لە بەر دەرگای ژورەکەم پێغەمبەری خودا ﷺ بینی، ئەحباشەکانیش لە مزگەوتدا یاریان دەکرد، منیش سەیری ئەوانم دەکرد.(٢٥)

- بۆ دڵخۆشردنی ڕێگەیداوە کە کچان بێن و لە ژورەکەی ئەودا گۆرانی بڵێن، هەتا ئەبوبەکر پێی ناخۆش دەبێت.

دەفەرموێت:" ئەبوبەکر هات بۆ لام و دوو کیژۆڵە گۆرانیان بە جەنگی بوعاسدا دەوت، ئەبوبەکر فەرمووی: ئەوە مزماری شەیتانە لە ماڵی پێغەمبەری خوادا ﷺ؟ ڕۆژەکەش جەژن بوو، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر هەموو کۆمەڵێک جەژنی خۆیان هەیە، ئەمەش جەژنی ئێمەیە".(٢٦)

دەمەتەقێ و وتووێژ لە گەڵ هاوسەردا، خۆشەویستی زیاد دەکات و دڵدانەوەشە بۆ هەردوولا، بە تایبەت ئافرەتان کە پێویستە ڕەچاوی ئەو حاڵەتەیان بکرێت، پێغەمبەری خوداش ﷺ لە سەفەر بوبێت یا لە ناو شار، لە گەڵ خاتوو عائشە وتووێژیان کردوە.

دەڵێت: " کاتێ نوێژی دەکرد ئەگەر من بە خەبەر بومایە، قسەی لە گەڵ دەکردم، ئەگەر نا، پاڵدەکەوتەوە."(٢٧)

لە سەفەریشدا ئەگەر لە گەڵیدا بوایە، شەوان پێکەوە قسەیان دەکرد.(٢٨)

قسەکردەکانیشیان زۆر جار بۆ خۆشی و پێکەنین و دڵدانەوە بووە، وەک دەڵێت:" ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر چویتە شوێنێک و درەختێکت بینی کە کەس لە بەرەکەی نەخواردبوو، لە گەڵ درەختێکدا کە لە بەرەکەی خورابوو، لای کامیان دادەبەزیت؟ (مەبەستی ئەوە بووە کە خۆی کچ بوەو خێزانەکانی تر بێوەژن بوون) پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرمووی: ئەو درەختەی کە لێی نەخوراوە."(٢٩)

- دڵدانەوەی لە کاتی سوڕی مانگانەدا کە لەو کاتەدا ئافرەت زیاتر پێویستیان بە ڕاگرتنی هەستە، لە کاتێکدا نانیان لە گەڵ نەدەخورا و لەگەڵیان دانەدەنیشتن.

دەبینین پێغەمبەری خودا ﷺ لەو کاتانەی کە خاتوو عائشەی پیا تێدەپەڕی، پێکەوە خۆیان دەشت، لە باوەشیدا پاڵی ئەدایەوەو قورئانی دەخوێند، کاتێک ئاوی دەخواردەوە، پاشان جامەکەی ئەدا بە پێغەمبەری خودا ﷺ، ئەویش دەمی دەنا بەو شوێنەی کە ئەو دەمی پێوە ناوە.(٣٠)

- دڵدانەوەی یەکتر لە کاتی نەخۆشیدا:

لە فەرموودەیەکدا هاتوە: "خاتوو عائشە دەڵێت: ئای سەرم، پێغەمبەری خودایش ﷺ دەفەرموێت: من زیندوو بم بۆت دەپاڕێمەوەو داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم"(٣١)

- وەستاندنی لەشکرێکی تەواو لە بەر خاتری کۆکردنەوەی ملوانکەیەک کە پچڕابوو، ئەویش لە ڕوداوی ئیفکدا.(٣٢)

ئافرەت پێی خۆشە کە هاوسەرەکەی بە خەڵکی ڕابگەیەنێت کە خۆشی دەوێت، پێغەمبەری خودایش ﷺ خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو خاتوونە ڕاگەیاند:

" عەمری كوڕی عاص لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەپرسێت: كێ خۆشەویسترین كەسە لات؟ فەرمووی: عائشة."(٣٣)

وە لە چەند شوێنێكی تریش ئەو خۆشەویستیە دووپات دەكاتەوە.

لە هەندێک کاتدا پێغەمبەری خودا ﷺ پێی خۆش نەبوە کە لە خەو هەڵی بسێنێت و خۆی بە تەنیا بە شەو چۆتە دەرەوە.(٣٤)

چوارەم- خاتوو حەفصەی كچی عومەر:

➢ گومانبردنی باشە بە یەكتر لە ناو هاوسەران و دووركەوتنەوە لە گومانی خراپ، چونكە گومانی خراپ دڵەكان لەیەک دەكات و پەیوەندیەكان لاواز دەكات.

" پێغەمبەری خودا لە ماڵی خاتوو عائشە دەبێت، گوێیان لە دەنگێك دەبێت لە ماڵی خاتوو حەفصە، عائشە دەڵێت: ئەوە پیاوێكە داوای مۆڵەتی هاتنە ژورەوە دەكات. ئەویش فەرمووی: وای دەبینم مامی شیری حەفصە بێت."(٣٥)

ئەوە ئەو پەڕی متمانە بوونە بە یەكتری كە دەبێت لە ناو هاوسەراندا هەبێت.

پێنجەم- ئوم سەلەمە هیندی كچی ئومەییە: خاوەنی كەسایەتیەكی بەهێز بوەو پێغەمبەری خودای ﷺ خۆشحاڵكردوە:

" بە عومەری كوڕی خەتاب دەڵێت: سەیرە تۆ خۆت لە هەموو كاروبارێك وەردەدەیت، هەتا نێوانی پێغەمبەر و هاوسەرەكانیشی، پێغەمبەری خوداش ﷺ زەردەخەنە دەیگرێت و پێی خۆش دەبێت"(٣٦)

➢ بوونی ئافرەت وەک پەناگەیەک، شارەزا بوونی ئافرەتەكە لە بارودۆخی هاوسەرەكەی، پرسكردن بە یەكتری مایەی دڵخۆشی و بوونی متمانەیە:

لە ڕوداوی سوڵحی حودەیبییەدا كاتێك هاوەڵان بە قسەی پێغەمبەری خودا ناكەن، ئوم سەلەمە پێشنیار دەكات كە پێغەمبەری خودا لە بەرچاوی خەڵكەكە ئاژەڵەكان سەرببڕێت، ئەویش بە قسەی دەكات.(٣٧)

هەندێک ئافرەت پێیان خۆشە خۆیان بژێوی خۆیان بكێشن، كاتێك ئوم سەلەمە ئەو داوایە لە پێغەمبەری خودا ﷺ دەكات، ئەویش ڕێی دەدات.(٣٨)

شەشەم- خاتوو زەینەبی كچی جەحش:

ئافرەت پێی خۆشە كە زەماوەندەكەی گەورە بێت، ئەوەی خاتوو زەینەبێش لە خێزانەكانی تری پێغەمبەری خودا ﷺ گەورەتر وجیاوازتر بوو، وەک ڕێزێک بۆی.

ئەنەس دەیگێڕێتەوە كە: "خواردن دروستكردنەكەی زەماوەندی خاتوو زەینەب وەک هیچ لە هاوسەرەكانی تر نەبوو، یەک مەڕی بۆ سەربڕدرا".(٣٩)

## باسی دووەم: وتەكانی پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەی ڕاگرتنی هەستی هاوسەران:

لە باسی یەكەمدا باسی ڕاگرتنی هەستەكان بوو لە ژیانی خێزانی ﷺ پێغەمبەری خودا، ئەم باسەش تایبەتە بە فەرموودەكانی لەو بارەیەوە، ئەویش لە چەند خاڵێكدا ئاماژەی پێ دەكەم.

١. دووركەوتنەوە لە قسەی نابەجێ و ناو ناتۆرە، یا باسكردنی كەم و كوڕی جەستە:

لە باسی مافەكانی ئافرەتدا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:"وتەی خراپی پێ مەڵێ."(٤٠)

٢. دەنگبەرزنەكردنەوە هەتا لە نوێژەكاندا.

له ڕاگرتنی هەستی بەرامبەرە کە دەنگ بەرز نەکرێتەوە و هاوسەرەکەی بێزار نەکات، لە کاتی قسەکردن لە گەڵ یەکتر، یا کەسانی تر بە تەلەفۆن، هەتا کاتی قورئانخوێندن و نوێژەکان دەبێت بە شێوەیەک بێت کە ئازاری بەرامبەر نەدات و ئیشی لێتێک نەدات.

کاتێک پێغەمبەری خودا ﷺ لە شەودا هەستاوە، سەلامکردنەکەی بە شێوەیەک بوە کە کەسی نوستوو خەبەری نەدەبووەوە، وە کەسی ئاگاداریش سەلامەکەی دەبیست.(٤١)

٣. زەردەخەنەو ڕووی خۆش، دڵی بەرامبەر خۆش دەکات و شایانی پاداشت وەرگرتنە:

لەو بارەیەوە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت:" زەردەخەنەت بە ڕووی بەرامبەرەکەت، سەدەقەیە".(٤٢)

٤. سڵاوکردن لە کاتی گەڕانەوە لە دەرەوە هۆکاری ئارامی بەخشینە و دڵنیاییە بۆ بەرامبەر کە ناڕەحەتیەکانی دەرەوە کاریگەری نابێت لە سەر خۆشەویستی و ڕێز، فەرموودەکەش ئاماژە بەم خاڵە دەکات کاتێك بە ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت:" کوڕەکەم، ئەگەر چویتەوە بۆ لای خێزانەکەت، سەلامی لێبکە، ئەو سەلامکردنە هۆکاری ڕژانی بەرەکەتە بەسەرتاندا".(٤٣)

٥. ڕەواندنەوەی هەر مەترسیەک کە هەردوولا لە یەکتری چاوەڕێی دەکەن:

ئافرەت ترسی لە جیابونەوەو هاوسەری دووەمە، بۆیە باش نیە ئەگەر پیاو وەک چەکێک بەکاریان بهێنێت و خێزانەکەی پێ بترسێنێت.

لە فەرموودەی ناسراو بە ئوم زەرعدا پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو مەترسیە لە سەر خاتوو عائشە دەڕەوێنێتەوە کاتێک پێی دەفەرموێت: " ئەبوو زەرع هاوسەرەکەی تەڵاق دا، بەڵام من تەڵاقت نادەم"(٤٤)

٦. پاراستنی نهێنی یەکتر، چونکە ئەگەر ئەو نهێنیە بڵاو بێتەوە، زیانی دەروونی بە هەردوولا دەگات. پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: " خراپترین کەس لای خودا لە پلەو پایە کەسێکە کە دەچێتە لای هاوسەرەکەی، پاشان نهێنیەکەی بۆ خەڵک باس دەکات."(٤٥)

٧. لۆمەنەکردن و سەرزەنشت نەکردن: بێگومان لە نێوان هاوسەراندا هەڵە ڕوودەدات، بەڵام لۆمەکردنی هەڵەکار زۆر جار مەبەستی خۆی لە چاککردندا ناپێکێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە بەر ئەوەیە کە ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: " ١٠ ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خودام ﷺ کرد، سوێند بە خودا ڕۆژێک وشەی ئۆفی پێی نەوتم، هەرگیز نەیوتووە بۆ ئەو کارەت کرد، یا بۆ نەتکرد"(٤٦)

ئەم هەڵسوکەوتەی پێغەمبەری خودا ﷺ هەر چەندە بەڵگەی ڕەوشتی بەرزیەتی، بەڵام یاسایەکیشە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە پێشیانەوە پەیوەندی نێوان هاوسەران کە: زۆر لۆمە کردن دزر دەخاتە نێوان پەیوەندیەکانەوە.

٨. پرسکردن یا ئاگادارکردنەوە لە هاتنەوە لە دەرەوە یا لە سەفەر، هەتا بەرامبەر توشی بارودۆخێکی نەخوازراو نەبێت لە رووی دەروونیەوە، "پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگری کردووە کە بە شەودا و لە پڕدا پیاو خۆی بکات بەماڵدا تا بزانێت چی ئەکەن"(٤٧)

٩. نانخواردن پێکەوە تا هەست بە تەنهایی نەکەن:

زۆر پیاو هەیە کە لە ماڵەوە بە تەنها نان دەخوات، یا لە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێ و دۆستەکانی نان دەخوات، هەروەها ئافرەتانیش کە چاوەڕوانی هاوسەرەکانیان ناکەن تا پێکەوە نان بخۆن و ئەو نانخواردنە ببێتە هۆکاری بەهێزی پەیوەندیەکەیان.

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت؛" ئەگەر خزمەتکارەکەتان خواردنی بۆ هێنان، ئەگەر نەکرا لە گەڵیان دابنیشێت، با چەند پارویەکیان بە دەستی خۆی بداتێ".(٤٨)

١٠. وازهێنان له هەڵسوکەوتێک ئەگەر زانیت بەرامبەر پێی ناخۆشە:

کاتێک ئەسمای کچی ئەبوبەکر لە سەر سەری خواردن دەگوازێتەوە، پێغەمبەری خودا ﷺ لە ڕێگەدا دەیبینێت و دەیەوێت سواری وڵاخەکەی بکات، ئەویش لە بەر غیرەی زوبەیری هاوسەری سەرناکەوێت.(٤٩)

ئەوەش هەڵوێستێکی جوانی ئەو خاتوونەیە کاتێک دەزانێت هاوسەرەکەی پێی ناخۆشە لە گەڵ کەسی بێگانەدا بێت، ئەویش ڕێز لەو هەستە دەگرێت، هەر چەندە زۆر ماندوو بووەو پێغەمبەری خوداش ﷺ ئەو کەسە بووە کە ویستوویەتی یارمەتی بدات.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردە

### یەکەم: دەرئەنجام

**١.** خێزان دامەزراوەیەکی گرنگەو پێویستە پارێزگاری لێبکرێت بە هەموو شێوازێک.

**٢.** ژیاننامەی پێغەمبەری خودا سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هاوسەران تا ژیانێکی ئاسودە بەسەر ببەن.

**٣.** ژیانی هاوسەرگیری بە بێ تێگەشتن لە یەکتر ئاستەمە بەردەوام بێت.

**٤.** ڕاگرتنی هەستی یەکتر لە هاوسەرگیریدا کارێکی پێویستە بۆ هەردوو لا.

### دووەم: ڕاسپاردە

**١.** گرنگیدان بە ژیاننامەو فەرمودەکانی پێغەمبەری خودا کە تایبەتن بە ژیانی هاوسەرگیری.

**٢.** ڕوونکردنەوەی ئەو ژیاننامەیە بۆ ئەو کەسانەی بە نیازی هاوسەرگیرین لە خولی تایبەت.

## پەراوێزەکان


١. [النساء: ١٩].

٢. الفقه الإسلامي وأدلته، وهبة الزحيلي، م: ٩، ص: ٦٨٤٢-٦٨٥٩.

٣. ينظر: التفسير الواضح، محمد محمود الحجازي، ٣٥١/١.

٤. ينظر: التحرير والتنوير، الطاهر بن عاشور، ٢٨٦/٤.

٥. الجامع لأحكام القرآن، القرطبي، ٩٧/٥.

٦. [البقرة: ٢٢٨].

٧. أخرجه أبوداود، كتاب المناسك، باب صفة حجة النبي صلى الله عليه وسلم، ١٨٢/٢، الرقم: ١٩٠٥، وسكت عنه، وما سكت عنه فهو صالح.

٨. أخرجه الترمذي، كتاب المناقب، باب فضل أزواج النبي، ٧٠٩/٥، الرقم: ٣٨٩٥. وقال: حديث حسن غريب صحيح.

٩. حاشية السندي على سنن ابن ماجه، باب حسن معاشرة النساء، ٦٠٩/١، الرقم: ١٩٧٧.

١٠. اخرجه الترمذي، أبواب الرضاع، باب ما جاء في حق المرأة على زوجها، ٤٥٨/٣، الرقم: ١١٦٢، وقال: حديث حسن صحيح.

١١. أخرجه البيهقي في السنن الكبرى، كتاب القسم والنشوز، باب ما جاء في عظم حق الزوج على الزوجة، ٤٧٦/٧، الرقم: ١٤٧٠٦. وقال الهيثمي في مجمع الزوائد: رجاله رجال الصحيح خلا حصين، وهو ثقة. ٣٠٩/٤.

١٢. هل مراعاة مشاعر الآخرين صفة سلبية؟ د. ياسر بكار، مقال على شبكة الالوكة.

١٣. إنسانية السنة النبوية في الحياة الزوجية، سوسن الشريف.

١٤. أخرجه البخاري، كتاب النكاح، باب الغيرة، ٢٠١/١٣، الرقم: ٥٢٢٨.

١٥. أخرجه الترمذي، أبواب البر والصلة، باب ما جاء في صنائع المعروف، ٣٣٩/٤، الرقم:١٩٥٦، قال الترمذي: هذا حديث حسن غريب.

١٦. أخرجه البخاري في الأدب المفرد، باب يبر والديه ما لم يكن معصية، ص ٢١، الرقم: ١٩، وأخرجه أبو داود، كتاب الجهاد، باب في الرجل يغزو وأبواه كارهان، ١٧/٣، الرقم: ٢٥٢٨. وسكت عنه، وما سكت عنه فهو صالح.

١٧. أخرجه أبوداود، كتاب الأدب، باب من يأخذ الشيء على المزاح، ٣٠١/٤، الرقم: ٥٠٠٤، وسكت عنه، وما سكت عنه فهو صالح.

١٨. أخرجه البخاري، كتاب الأدب، باب قول النبي: يسروا ولا تعسروا٣٥٥/١٥، الرقم ٦١٢٤.

١٩. أخرجه البيهقي في السنن الكبرى، كتاب جماع أبواب عدة المدخول بها، باب كيفية سكنى المطلقة والمتوفي عنها، ٧١٧/٧، الرقم: ١٥٥١٢. وقال الهيثمي في مجمع الزوائد، كتاب الطلاق، باب الخلع، ٨/٥، الرقم: ٧٨١٨: رجاله رجال الصحيح.

٢٠. أخرجه البخاري، كتاب التعبير، باب أول ما بديء به رسول الله من الوحي الرؤيا الصالحة، ٤٢٥/١٧، الرقم: ٦٩٨٢.

٢١. أخرجه البخاري، كتاب الأدب، باب حسن العهد من الإيمان، ١٨٣/١٥، الرقم: ٦٠٠٤.

٢٢. أخرجه البخاري، كتاب الحج، باب من قدم ضغفة اهله بليل فيقفون بالمزدلفة، ٢٤٥/٤، الرقم: ١٦٨١.

٢٣. أخرجه البخاري، كتاب النكاح، باب خروج النساء لحوائجهن، ٢١٧/١٣، الرقم: ٥٢٣٧.

٢٤. أخرجه البخاري، كتاب البيوع، باب شراء المملوك من الحربي وهبته وعتقه، ٤٦٥/٥، الرقم: ٢٢١٨.

٢٥. أخرجه البخاري، كتاب الصلاة، باب أصحاب الحراب في المسجد، ٤٦٤/١، الرقم: ٤٥٤.

٢٦. أخرجه البخاري، أبواب العيدين، باب سنة العيدين لاهل الإسلام، ٣٦٦/٢، الرقم: ٩٥٢.

٢٧. أخرجه البخاري، كتاب التهجد، باب من تحدث بعد الركعتين ولم يضطجع، ٢٦/٣، الرقم: ١١٦١.

٢٨. أخرجه البخاري، كتاب البيوع ، باب هبة المرأة لغير زوجها وعتقها إذا كان لها زوج، ٤٧٥/٦، الرقم: ٢٥٩٣.

٢٩. أخرجه البخاري، كتاب النكاح، باب نكاح الأبكار، ٥٥٤/١٢، الرقم: ٥٠٧٧.

٣٠. أخرجه مسلم، كتاب الحيض، باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهرة سؤرها، ٢٤٥/١، الرقم: ٣٠٠.

٣١. أخرجه البخاري، كتاب الأحكام، باب الاستخلاف، ١٧٢/١٨، الرقم: ٧٢١٧.

٣٢. أخرجه مسلم، كتاب الحيض، باب التيمم، ٢٧٩/١، الرقم: ٣٦٧.

٣٣. أخرجه مسلم، كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل أبي بكر، ١٨٥٦/٤، الرقم: ٢٣٨٤.

٣٤. أخرجه مسلم، كتاب الجنائز، باب ما يقال عند دخول القبور والدعاء لأهلها، ٦٦٩/٢، الرقم: ٩٧٤.

٣٥. أخرجه البخاري، كتاب النكاح، باب: وأمهاتكم اللاتي أرضعنكم، ٥٨٩/١٢، الرقم: ٥٠٩٩.

٣٦. أخرجه البخاري، كتاب تفسير القرآن، باب تبتغي مرضاة أزواجك، ٢٤١/١٢، الرقم: ٤٩١٣.

٣٧. أخرجه البخاري، كتاب الشروط، باب الشروط في الجهاد والمصالحة مع أهل الحرب، ١٠٢/٧، الرقم: ٢٧٣٠.

٣٨. أخرجه البخاري، كتاب الزكاة، باب الزكاة على الزوج والأيتام في الحجر، ٥١٥/٣، الرقم: ١٤٦٧.

٣٩. أخرجه البخاري، كتاب النكاح، باب الوليمة ولو بشاة، ١٠٠/١٣، الرقم: ٥١٦٨.

٤٠. أخرجه أبوداود، باب في حق المرأة على زوجها، ٢٤٤/٣، الرقم: ٢١٤٢. وسكت عنه، وما سكت عنه فهو صالح.

٤١. أخرجه الترمذي، كتاب الاستئذان، باب كيف السلام؟ الرقم: ٢٧١٤، وقال: حديث حسن صحيح.

٤٢. أخرجه الترمذي، أبواب البر والصلة، باب ما جاء في صنائع المعروف، ٣٣٩/٤، الرقم: ١٩٥٦، وقال: هذا حديث حسن غريب.

٤٣. أخرجه الترمذي، باب ما جاء في التسليم إذا دخل بيته، ٥٩/٥، الرقم: ٢٦٩٨، وقال: حديث حسن غريب.

٤٤. المقاصد الحسنة في كثير من الأحاديث المشتهرة على الألسنة، السخاوي، ص: ٥٢١، الرقم: ٨٣٩. والحديث له طرق بمجموعها يقوى.

٤٥. أخرجه مسلم، كتاب النكاح، باب تحريم إفشاء سر المرأة، ١٠٦٠/٢، الرقم: ١٤٣٧.

٤٦. أخرجه مسلم، كتاب الفضائل، باب كان رسول الله أحسن الناس خلقا، ١٨٠٤/٤، الرقم: ٢٣٠٩.

٤٧. أخرجه مسلم، كتاب الأمارة، باب كراهة أن يطرق الرجل أهله ليلا، ١٥٢٨/٣، الرقم: ٧١٥.

٤٨. أخرجه البخاري، كتاب العتق، باب إذا أتى أحدكم خادمه بطعامه، ٤١٧/٦، الرقم: ٢٥٥٧.

٤٩. أخرجه مسلم، كتاب السلام، باب جواز إرداف المرأة الأجنبية إذا أعيت في الطريق، ١٧١٦/٤، الرقم: ٢١٨٢.

## سەرچاوەکان


١. الأدب المفرد، محمد بن إسماعيل البخاري، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار البشائر الإسلامية، ١٩٨٩م.

٢. استمتع بحياتك، د. محمد بن عبدالرحمن العريفي، مكتبة جريرة الورد، ط١، ٢٠٠٨م.

٣. الإصابة في تمييز الصحابة، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، تحقيق: عادل أحمد عبدالموجود و علي محمد عوض، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٥.

٤. إنسانية السنة النبوية في الحياة الزوجية، د. سوسن الشريف، موقع: خطوة للتوثيق والدراسات، بتأريخ: ٢٩-نوفمبر-٢٠١٧

٥. تحرير المعنى السديد وتنوير العقل الجديد من تفسير الكتاب المجيد، محمد الطاهر بن عاشور التونسي، الدار التونسية للنشر، ١٩٨٤م.

٦. التفسير الواضح، محمد محمود الحجازي، دار الجيل الجديد، بيروت، ط١، ١٤١٣.

٧. الجامع لأحكام القرآن، أبو عبدالله محمد بن أحمد القرطبي، تحقيق: هشام سمير البخاري، دار عالم الكتب، الرياض-السعودية، ٢٠٠٣م.

٨. الجامع المسند الصحيح المختصر المعروف بصحيح البخاري، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم البخاري، تحقيق: محمد قؤاد عبدالباقي، دار السلام، الرياض، ط١، ١٤١٩.

٩. سايكولوزياي كشتي، د. كريم شريف قەرەچەتاني، چاپی دوەم، ٢٠٠٧ز، هەولێر.

١٠. السنن، أبو داوود سليمان بن الأشعث السجستاني، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، المكتبة العصرية، صيدا-بيروت.

١١. المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله، مسلم بن الحجاج النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

١٢. السنن، محمد بن عيسى بن سورة الترمذي، تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر ومحمد فؤاد عبدالباقي وإبراهيم عطوة، مكتبة مصطفى البابي الحلبي، مصر، ط٢، ١٩٧٥.

١٣. السنن الكبرى، أحمد بن حسين بن علي البيهقي، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣م.

١٤. المجتبى من السنن، أبوعبدالرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق: عبدالفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، ط٢، ١٩٨٦م.

١٥. مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، أبوالحسن نورالدين علي بن أبي بكر بن سليمان الهيثمي، تحقيق: حسام الدين القدسي، مكتبة القدسي، القاهرة، ١٩٩٤م.

١٦. المسند، أحمد بن حنبل، تحقيق: مركز البحوث بجمعية المكنز، ط١، ٢٠١٠م.

١٧. حاشية السندي على سنن ابن ماجه، محمد بن عبدالهادي التتوي، دار الجيل، بيروت.

١٨. فتح الباري بشرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار المعرفة، بيروت، ١٣٧٩.

١٩. الفقه الإسلامي وأدلته، وهبة الزحيلي، دار الفكر-دمشق، ط٤، ١٩٨٤م.

٢٠. مراعاة الجانب الشعوري عند المرأة في الكتاب والسنة، د. أحمد عزام، مجلة الجامعة الإسلامية-غزة، المجلد ١٩، العدد الأول، يناير ٢٠١١م.

٢١. المشاعر النبوية في الحياة الزوجية، غازي بن عبدالعزيز الشمري، دار ابن الجوزي، السعودية، ط١، ١٤٢٩.

٢٢. المقاصد الحسنة في كثير من الأحاديث المشتهرة على الألسنة، شمس الدين محمد بن عبدالرحن السخاوي، تحقيق: محمد عثمان الخشت، حرف الكاف، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٥.

٢٣. منهج النبي صلى الله عليه وسلم في علاقاته الأسرية دراسة موضوعية، حسن محمد العبدبرش، رسالة ماجستير في الحديث وعلومه مقدمة إلى الجامعة الإسلامية-غزة، ٢٠٠٨م.

٢٤. هل مراعاة مشاعر الآخرين صفة سلبية؟ د. ياسر بكار، مقال على شبكة الالوكة بتأريخ: ٨-٤-٢٠٠٩.